

## هاروکی موراکامی:

# ئەو ساتەی زانیم دەبم بە ڕۆماننووس


هاروکی موراکامی

له ئینگلیزییەوە: سەیوان محەمەد

زۆربەی خەڵك (مەبەستم لە زۆربەی ئەوانەمانە، کە بەشێکین لە کۆمەڵگەی ژاپۆنی) خوێندن تەواو دەکەین، پاشان کارێك دەدۆزینەوە، ئینجا پاش تێپەڕبوونی هەندێ کات، هاوسەرگیری دەکەین، تەنانەت منیش سەرەتا دەمویست ئەو شێوازە پەیڕەو بکەم، یان لانیکەم وام بە خەیاڵدا دەهات، شتەکان بەوجۆرە دەبن. کەچی لە ڕاستیدا، هاوسەرگیریم کرد، پاشان دەستمکرد بە کارکردن، ئینجا (بەشێوەیەك) دواجار توانیم خوێندن تەواوبکەم. بە مانایەکی تر ئەو ڕیزبەندییەی من گرتمەبەر، بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەبوو، کە بە شتێکی ئاسایی دادەنرێت.
لەوەتەی ڕقم لەو بیرۆکەیە بوو، کار بۆ کۆمپانیایەك بکەم، بڕیارمدا شوێنی تایبەت بە خۆم بکەمەوە، شوێنێك کە خەڵکی بتوانن گوێ لە مۆزیکی جاز بگرن، قاوە بخۆنەوە، خواردنی خێرا و خواردنەوەشیان دەستبکەوێت. بیرۆکەیەکی سادە و تاڕادەیەك بێ کێشە بوو: وام بیردەکردەوە، کە بەڕێوەبردنی کارێکی لەو جۆرە ئاسوودەم دەکات، چونکە لە بەیانییەوە تا شەو، گوێ لەو جۆرەی مۆزیك دەگرم، کە حەزم لێیەتی. کێشەکە ئەوە بوو، لەبەرئەوەی ئێمە لە ڕۆژگاری زانکۆوە هاوسەرگیریمان کردبوو، بۆیە پارەمان نەبوو. هەر بۆیە، سێ ساڵی سەرەتا، من و هاوسەرەکەم وەك کۆیلە کارمان دەکرد، هەندێجار هاوکات چەند کارێکی جیاوازمان ئەنجامدەدا، تا بتوانین زۆرترین پارە پاشەکەوت بکەین، پاشان

**لە کاتێکدا قسەکردن لەبارەی نووسینەوەی هەستەکانتەوە بەبێ زۆرلەخۆکردن ئاسانە، بەڵام ئەنجامدانی هێندە ئاسان نییە. بە تایبەتی بۆ کەسێکی تازە دەستپێکردووی وەك من قورس بوو، بۆئەوەی سەرەتایەکی تازەم هەبێت، یەکەمین شت دەبوو بیکەم وەلانانی ئەو هەموو لاپەڕەی دەستنووسە و پاندانەکەم بوو**



دەستمکرد بە قەرزکردنی پارە لە هەر خزم و هاوڕێیەك لە توانایدا بووایە، پاشان بە هەموو ئەو پارەیەی کۆمان کردبووەوە، قاوەخانە و بارێکی بچووکمان کردەوە لە کۆکوبونجی، کە شوێنی کۆبوونەوەی خوێندکاران بوو، دەکەوتە ڕۆژئاوای شاری تۆکیۆوە. ساڵی ١٩٧٤ بوو.
ئەوکاتە بۆئەوەی دووکانێکت بۆ خۆت بکردایەتەوە، لە ئێستا کەمتری تێدەچوو. گەنجانی وەك ئێمە کە بڕیاریان دابوو بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە "ژیانی کۆمپانیا" بە دوور بگرن، چەپ و ڕاست خەریکی کردنەوە دووکانی بچووك بوون. قاوەخانە، چێشتخانە، کۆگای جۆراوجۆر، کتێبخانە – هەرچیت بە خەیاڵدا بێت. هەندێ لە دووکانەکانی نزیکمان، خاوەنەکانیان خەڵکانی هاوتەمەنی ئێمە بوون. کۆکوبونجی دڵە زیندووەکەی کەلتووری دژەباو بوو، زۆربەی ئەوانەش کە لەوێ کۆدەبوونەوە ئەندامانی بزووتنەوە خوێندکارییە هەڵوەشاوەکان بوون. سەردەمێك بوو کە لە سەرانسەری جیهاندا هێشتا بۆشاییت لە سیستەمەکاندا بەدیدەکرد.
پیانۆ کۆنەکەمم لە ماڵی باوکم هێنا و دەستمانکرد بە پێشکەشکردنی مۆزیك لە پشووەکانی هەفتەدا. زۆر مۆزیسیانی گەنجی جاز هەبوون لە کۆکوبونجی دەژیان کە خۆشبەختانە (پێموایە) بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەم، کە ئێمە دەمانتوانی پێیان بدەین مۆزیکیان دەژەند. زۆریان دواتر بوون بە مۆزیسیانی بەناوبانگ، تەنانە ئێستاش هەندێجار ڕێکەوتیان دەکەم لە یانەکانی ناو تۆکیۆدا.
هەرچەندە ئێمە ئەو ئیشەمان دەکرد، کە خۆمان حەزمان لێ بوو، بەڵام دانەوەی قەرزەکانمان ململانێیەکی بەردەوام بوو. قەرزاری بانك بووین، هەروەها قەرزاری ئەو کەسانەش بووین، کە یارمەتییان دابووین. جارێکیان بەدەست دانەوەی قەرزی مانگانەی بانکەوە گیرمان خواردبوو، من و ژنەکەم بە ڕێگەدا دەڕۆیشتین و سەرمان خستبووە خوار، درەنگانی شەو بوو، کاتێك لەپڕ بڕێك پارەمان لەسەر شەقامەکە کەوتبوو دۆزییەوە. نازانم ڕێکەوت بوو، یان جۆرێك دەستێوەردانی خوایی بوو، بەڵام بڕە پارەکە ڕێك هەر ئەوە بوو کە ئێمە پێویستمان بوو. دۆزینەوەی ئەو پارەیە، وەك لێبوردنی چرکەساتی کۆتایی بوو، چونکە کاتی پارەدانەکە ڕۆژی دواتر بوو. (ڕووداوی وەك ئەوە نامۆ لە چەند قۆناغێکی ژیانمدا ڕوویانداوە.) ڕەنگە زۆربەی ژاپۆنییەکان شتە درووستەکەیان بکردبایە و پارەکەیان ڕادەستی پۆلیس بکردبایەتەوە، بەڵام ئێمە کە تا دواسنوور تێچەقیبووین، ئەو کردەوە باشانە دادیان نەدەداین.
هێشتا هەر خۆش بوو. ئەوە گومانی تێدا نییە. من گەنج بووم و لە هەڕەتی لاویدا

بووم، بەدرێژایی ڕۆژ گوێم لە پەسەندترین مۆزیکم دەگرت، سەرگەورەی هەرێمە بچکۆلەکەی خۆشم بووم. ناچار نەبووم خۆم بخزێنمە شەمەندەفەری پڕەوە بۆ سەر کار، یان ئامادەی کۆبوونەوە بێزارکەرەکان بم، یان مەرایی بۆ خاوەنکارێك بکەم، کە ڕقم لێی بێت، بەڵکو لەبری هەموو ئەمانە، هەلی ئەوەم هەبووهەموو جۆرە کەسانی سەرنجڕاکێش ببینم.

بەمجۆرەش بیستەکانی تەمەنم بە دانەوەی قەرز و ئەنجامی کاری جەستەیی سەخت لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەسەردەبرد (ئامادەکردنی ساندویچ و کۆکتێل و کردنە دەرەوەی کڕیاری دەمشڕ)، بەڵام دوای چەند ساڵێکی کەم، خاوەن موڵکەکە، بڕیاریدا باڵەخانەکەی کۆکوبونجی نۆژەنبکاتەوە، بۆیە ئێمەش گواستمانەوە بۆ باڵەخانەیەکی مۆدێرنتر و بەرفراوانتر لە سێنداگایا، نزیك سەنتەری شاری تۆکیۆ. شوێنە تازەکەمان جێگەی پیانۆیەکی گەورەشی تێدادەبووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا قەرزەکانیشمان زیادیکرد، بۆیە شتەکان هیچ وەخت ئاسانتر نەبوون.

کە بیری لێدەکەمەوە، هەر ئەوەم دێتە یاد، چەند بە سەختی کارمان دەکرد. پێموایە زۆرینەی خەڵك لە بیستەکانی تەمەنیاندا دەحەوێنەوە، بەڵام ئێمە بە مانای وشە هیچ کاتمان نەبوو تا چێژ، لە"ڕۆژانی بێخەمیی گەنجی" ببینین. بە زەحمەت دەمانتوانی بیگوزەرێنین. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر کاتێکی بەتاڵم هەبووایە، بە خوێندنەوە بەسەرم دەبرد. هاوڕێ لەگەڵ مۆزیك، کتێب چێژی گەورەی ژیانم بوو. گرنگ نەبوو چەند سەرقاڵ، یان چەند بێ پارە یان چەند شەکەت بووایەم، هیچ کەس نەیدەتوانی ئەو چێژانەم لێ بسێنێتەوە.

ڕووەو کۆتایی بیستەکانی تەمەنم، دواجار باری جازەکەمان لە سێنداگایا وردەوردە خەریك بوو جێگیر دەبوو. ڕاستە، نەماندەتوانی پاڵ بدەینەوە و بحەوێینەوە – هێشتا پارە قەرزار بووین و فرۆشیشمان هێشتا بەرزی و نزمی بەخۆیەوە دەبینی – بەڵام لانیکەم شتەکان وادیار بوون بە ئاراستەیەکی باشدا دەڕۆن.

پاشنیوەڕۆیەکی خۆرەتاوی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٨، چووم بۆ بینینی یارییەکی بەیسبۆڵ لە یاریگای جینگو، کە لە شوێنی کارەکەمەوە دوور نەبوو. یاریی دەسپێکی وەرز بوو، لە کاتژمێر یەك دەستی پێدەکرد، یاکولت سواڵۆز بەرامبەر هیرۆشیما کارپ. ئەو ڕۆژانە من هاندەری سواڵۆز بووم، بۆیە هەندێجار دەچووم بۆ بینینی یارییەکان – ئەمەشم لەجێی پیاسەکردن دەکرد.

ئەو سەردەمە، سواڵۆز هەمیشە تیپێکی لاواز بوو (دەکرێت هەر لە ناوەکەیانەوە ئەوە بزانیت) پارەیان کەم بوو و یاریزانی ناوداریشیان نەبوو. ئاسایی تیپێکی زۆر









بەناوبانگ نەبوون. ڕاستە ئەو یارییە دەسپێکی وەرز بوو، بەڵام تەنیا ژمارەیەکی کەم هاندەر لە پشت بەرژینی گۆڕەپانەکەوە دانیشتبوون. من بە بیرەیەکەوە ڕاکشابووم و تەماشای یارییەکەم دەکرد. ئەو کاتە کورسی دانیشتنی هاندەران نەبوو و تەنیا تەپۆلکەیەکی سەوزایی بوو. ئاسمان شینێکی ساماڵ بوو، بیرەکە زۆر سارد بوو، تۆپەکەش بێحەد سپی بوو بەسەر گۆڕەپانە سەوزەکەوە، یەکەمین سەوزایی بوو، کە دوای ماوەیەکی زۆر دەمبینی. یەکەم تۆپهەڵدەری سوالۆز دەیڤ هیڵتن بوو، یاریزانێکی لاواز کە تازە لە ئەمەریکاوە هاتبوو ، بە تەواویش نەناسراو بوو. ئەو یاریزانەش کە تۆپەکەی دەگەڕاندەوە، چارلی مانوێل بوو، کە دواتر بوو بە ڕاهێنەرێکی بەناوبانگی کلیڤلاند ئیندیانز و فیلادیلفیا فیلیز. ئەو کاتەش تۆپ هەڵدەرێك بوو کە هاندەرە ژاپۆنییەکان ناویان نابوو "شەیتانە سوورەکە."

وابزانم یەکەمین یاریزانی هیرۆشیما، کە ئەو ڕۆژە یارییەکەی دەست پێکرد یۆشیرۆ سۆتۆکۆبا بوو. بەرامبەرکەشی لە یانەی یاکولت تاکێشی یاسودا بوو. هیڵتن یەکەم تۆپی سۆتۆکۆبای گەڕاندەوە بۆ لای چەپی گۆڕەپانەکە و دوو خاڵییەکی تۆمارکرد. ئەو ساتەی دارەکە بەر تۆپەکە کەوت بە ناو یاریگای جینگودا دەنگیدایەوە. لێرە و لەوێ دەنگی چەپڵەلێدان بەرزبووەوە. هەر لەو ساتەدا، بەبێ هیچ هۆکارێك و بێ هیچ پێشینەیەك، لەپڕ ئەم بیرۆکەیەم بۆ هات: وابزانم دەتوانم ڕۆمان بنووسم. تا ئێستاش دەتوانم ئەو هەستەم بیربهێنمەوە. وەك ئەوە وابوو، شتێك بە شەقەی باڵ لە ئاسمانەوە بێت و منیش بە پاکی بە دەستی خۆم گرتبێتم. هیچ بیرۆکەیەکیشم نییە، بۆچی دەبێت ئەوە بکەوێتە دەستی منەوە. ئەوکاتە نەمزانی، ئێستاش نازانم. بە هەر هۆکارێك بێت، ئەوە ڕوویدا. وەك ئیلهام وابوو، یان ڕەنگە تەجەللی نزیکترین وشە بێت. دەتوانم بڵێم لەو چرکەساتەدا – کاتێك دەیڤ هیڵتن ئەو دوو خاڵییە جوانەی لە یاریگای جینگودا تۆمارکرد – ژیانم بە شێوەیەکی ڕیشەیی و بە یەکجاری گۆڕا.

پاش یارییەکە (وەك لە یادمە یاکوڵت بردییەوە)، سواری شەمەندەفەر بووم بۆ شینجوکو و بەستەیەك کاغەزی نووسین و پاندانێکم کڕی. ئەو کاتە کۆمپیوتەر بەردەست نەبوو، ئەمەش واتا دەبوو هەموو شتێك بە دەست بنووسین. هەستی نووسین ئاسوودەبەخش بوو. لەبیرمە چەند خرۆشابووم. ماوەیەکی زۆر تێپەڕیبوو لەوەتەی دواجار پاندانم خستبووە سەر کاغەز.

دوای ئەوە، هەموو شەوێك، درەنگانێك کە لە کار دەگەڕامەوە، لای مێزی مەتبەخەکەوە دادەنیشتم و دەمنووسی. ئەو چەند سەعاتە کەمەی پێش خۆرهەڵاتن تەنیا کاتی دەستبەتاڵیم بوو. لە ماوەی ئەو شەش مانگەی دوای دەستپێکردنی نووسینم، "گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت"م نووسی. یەکەمین دەسنووسم ڕێك نزیکەی ئەو کاتە تەواوکرد، کە وەرزی بەیسبۆڵ کۆتایی هات. بە ڕێکەوت ئەو وەرزە تیپی یاکولت سوالۆز، بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی هەموو کەسێکەوە، خولی ناوخۆیی بردەوە، دواتریش شکستی بە پاڵەوانی خولی پاسیفیك هێنا. ئەو وەرزە بە ڕاستی وەرزێکی پەرجووئاسا، بوو کە دڵی هەموو هاندەرێکی تیپی یاکولتی خۆشکرد.

"گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت" کارێکی کورتە، پتر لە نۆڤلێتەوە نزیکە، نەك ڕۆمان. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مانگ و کۆششی زۆری ویست تا تەواو بێت، بێگومان بەشێکی هۆکارەکە کەمی کاتی کارکردنم بوو لەسەر ڕۆمانەکە، بەڵام کێشەی گەورەم ئەوەبوو، کە بەڵگەیەکم لەبەردەستدا نەبوو، سەبارەت بەشێوازی ڕۆماننووسین. ئەوەی ڕاستی بێت، هەرچەندە هەموو جۆرە شتێکم دەخوێندەوە، بەڵام پەسەندترینیان لام ڕۆمانە ڕووسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و چیرۆکە پۆلیسییە ئەمەریکاییەکان بوو، بەڵام هیچ کات چاوێکی جدیم بە ڕۆمانە ژاپۆنییە هاوچەرخەکاندا نەخشاندبوو، بۆیە هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو ئاخۆ ئەو دەمە چ جۆرە ڕۆمانێکی ژاپۆنی دەخوێنرایەوە، یان چۆن بتوانم ڕۆمان بە زمانی ژاپۆنی بنووسم.

**پێموایە زۆرینەی خەڵك لە بیستەکانی تەمەنیاندا دەحەوێنەوە، بەڵام ئێمە بە مانای وشە هیچ کاتمان نەبوو تا چێژ، لە»ڕۆژانی بێخەمیی گەنجی» ببینین.**



سالی یەکەم
ژمارە 1
نیسانی 2016

بۆ چەندین مانگ تەنیا بە خەملاندن کارم دەکرد، ستایلێکی بە ڕواڵەت گونجاوم هەڵبژارد و لەگەڵیدا ڕۆیشتم، بەڵام کاتێك بەسەریدا ڕۆیشتمەوە زۆر دوور بوو لەوەی کارم تێ بکات. وا دیار بوو پێویستییەکانی ڕۆمانی تێدا بێت، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان بێزارکەر بوو، کتێبەکەش سەرلەبەری وایکرد، هەست بە بێتاقەتی بکەم. بیرمکردەوە، ئەگەر هەستی نووسەرەکە وا بێت، دەبێت کاردانەوەی خوێنەر زۆر لەوە نەرێنی تر بێت. بە خەمباری بە خۆم گوت، وا دیارە ئەوەی پێویست بێت لای من نییە. لە دۆخێکی ئاساییدا، لێرەدا کۆتایی دەهات – دەستم لێ هەڵدەگرت، بەڵام ئەو تەجەللابوونەی لە تەپۆلکە سەوزاییەکەی یاریگای جینگودا پێی گەیشتم هێشتا ختوکەی مێشکمی دەدا.

دەرەنجام، ئەوە تەنیا شتێکی سروشتی بوو، کە نەمدەتوانی ڕۆمانێکی باش بنووسم. هەڵەیەکی گەورە بوو، کە پێموابێت پیاوێکی وەکو من کە لە ژیانیدا هیچی نەنووسیبێت، تەنیا بەهۆی لێدانی تۆپێکەوە، بتوانێت شتێکی باش بنووسێت. من دەمویست مەحاڵ بەدیبهێنم. بۆیە بەخۆم گوت، وازبێنە لە هەوڵدان بۆ نووسینی شتێکی نایاب. ئەو هەموو بیرۆکە چەقبەستووانەت لە بارەی "ڕۆمان" و "ئەدەب"ەوە لەبیر بکە و هەستەکانت و بیرەکانت بەوجۆرەی بۆت دێن، بێ زۆرلەخۆکردن و بەو شێوەیەی پێتخۆشە، بیاننووسە.

لە کاتێکدا قسەکردن لەبارەی نووسینەوەی هەستەکانتەوە بەبێ زۆر لەخۆکردن ئاسانە، بەڵام ئەنجامدانی هێندە ئاسان نییە. بەتایبەتی بۆ کەسێکی تازە دەستپێکردووی وەك من قورس بوو، بۆئەوەی سەرەتایەکی تازەم هەبێت، یەکەمین شت دەبوو بیکەم وەلانانی ئەو هەموو لاپەڕەی دەستنووسە و پاندانەکەم بوو. هەتا ئەو دوانەم لەبەردەستدا بووایە، هەرچیم دەکرد هەر لە "ئەدەب" دەچوو. لەجێی ئەوان، ئامێری چاپکردنە کۆنەکەم لە کانتۆرەکەم دەرهێنا، پاشان، بۆ تاقیکردنەوە، بڕیارمدا سەرەتای ڕۆمانەکەم بە ئینگلیزی بنووسم. بیرمکردەوە، مادەم من ئارەزووی تاقیکردنەوەی هەموو شتێکم هەیە، بۆچی ئەوەش تاقی نەکەمەوە؟

پێویست ناکا ئەوەش بڵێم، کە توانام لە نووسیندا بە زمانی ئینگلیزی زۆر باش نەبوو. وشەم کەم دەزانی و لە ڕێزمانیشدا زۆر بەتوانا نەبووم. تەنیا دەمتوانی بە ڕستەی سادە و کورت بنووسم. ئەمەش واتە ئەو بیرۆکانەی لە مێشکمدا بوون، چەند ئاڵۆز و زۆریش بووایەن، تەنانەت نەمدەتوانی هەوڵیش بدەم بیانخەمە سەر لاپەڕە. دەبوو زمانەکەی سادە بێت و بیرۆکەکانم، بە شێوەیەك کە تێگەیشتنی ئاسان بێت گوزارشتی لێ بکرێت، وەسفەکان لە هەر زیادەڕۆییەك دابڕێن، فۆرم سادە بێت و هەموو شتێکیش بەجۆرێك ڕێکبخرێن کە لەگەڵ قاڵبێکی سنووردارادا بگونجێن. ئەنجامەکەشی جۆرێك پەخشانی وشك و نارێك بوو، بەڵام کە هەوڵمدا هەر بەو شێوازە لە خۆدەربڕین بەردەوام بم، ئیتر وردەوردە ئیقاعێکی جوانتر پێکدەهات.

لەوەتەی من لە ژاپۆن لە دایکبووم، هەر لەوێش پەروەردە بوبووم، وشە و شێوازی زمانی ژاپۆنی وەك ژوورێکی پڕ لە پەلەوەر سیستەمی نووسینمی پڕدەکردەوە. کاتێك دەمویست هزر و هەستم بخەمە سەر کاغەز، ئەو پەلەوەرانە پێکدا دەچوون و سیستەمەکەش هاڕەی دەکرد. نووسین بە زمانی بیانی، بە هەموو ئەو سنووربەندییانەشەوە کە دەیسەپاند، ئەو بەربەستەی لە پێشمدا لابرد، هەروەها وایکرد پەی ببەم بەوەی، کە دەتوانم گوزارشت لە هزر و هەستەکانم بکەم بە ژمارەیەکی دیاریکراوی وشە و زانیارییەکی کەم لەبارەی ڕێزمانەوە، بەو مەرجەی بە شێوەیەکی کاریگەر و لێزانانە پێکەوەیان ببەستم. بە کورتی تێگەیشتم، کە پێویست بە زۆر وشەی ئاڵۆز ناکات – پێویستی نەدەکرد هەوڵبدەم بە دەستەواژەی جوان سەرنجی خەڵکی ڕابکێشم.




زۆر دوای ئەوە بۆم دەرکەوت، کە ئاگۆتا کریستۆفی نووسەر ژمارەیەك ڕۆمانی نایابی بە ستایلێك نووسیوە، کە هەمان کاریگەریی هەبووە. کریستۆف ژنێکی هەنگاری بوو، کە ساڵی ١٩٥٦ لە سەروبەندی پشێوییەکانی وڵاتەکەیدا بەرەو شاری نوشاتێلی سویسرا هەڵهاتبوو. فێری فەرەنسی بوو بوو – لە ڕاستیدا هەر بە زۆر فێری فەرەنسی کرابوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕێگەی ئەو زمانە بیانییەوە سەرکەوتوو بوو لە داهێنانی ستایلێکی نووسیندا، کە هەم نوێ و هەم بە تەواوی تایبەت بە خۆشی بوو. ستایلەکەی بریتی بوو لە نووسینی ڕستەی کورت، بە داڕشتنێك کە هەرگیز بازنەیی نەبوو، بەڵکو هەمیشە ڕوو لەپێش بوو، بە زمانێکی وەسفیی کورت و پوخت و دوور لەهەر زیادەڕۆییەکی عاتیفی. ڕۆمانەکانی لە کەشێکی



ڕازئامێزدا خراونەتەڕوو، کە مەبەست لێی ئاشکراکردنی شتە گرنگەکانە، کە لە قووڵایی ژێر ڕوخساردا پەنهانە. لە بیرمە کە یەکەمجار کارەکانیم خوێندەوە، بەجۆرێك لە جۆرەکان هەستی نۆستالیژیا دایگرتم. تەواو بە ڕێکەوتیش یەکەمین ڕۆمانی، "دەفتەری گەورە"، ساڵی ١٩٨٦ بڵاوبووەوە، حەوت ساڵی ڕەبەق دوای "گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت".

هەر کە کاریگەریی نووسین بە زمانێکی ترم بۆ ڕوون بووەوە، کە لەوێشەوە بە ئیقاعێکی داهێنەرانە گەیشتم، کە بەتەواوی هی خۆم بوو، ئامێرە چاپکەرەکەم گەڕاندەوە بۆ ناو لۆکەرەکە و جارێکی تر دەستنووسەکە و پاندانەکەم دەرهێنایەوە، پاشان دانیشتم و ئەو بەشەی، کە بە ئینگلیزی نووسیبووم "وەرمگێڕا" بۆ ژاپۆنی. باشە، ڕەنگە "دامڕشتەوە" وشەیەکی ڕاستتر بێت، چونکە ئەوەی کردم وەرگێڕانی وشە بە وشەی ڕاستەوخۆ نەبوو. دەرەنجام، ستایڵێکی نوێی ژاپۆنی پەیدابوو. ستایڵێك کە تایبەت بە من دەبێت. ستایڵێك کە خۆم دۆزیمەوە. ئێستا تێگەیشتم، لە دڵی خۆمدا گوتم. دەبێت بەم شێوەیە بنووسم. ئەوە ساتی ڕۆشنبوونەوەی ڕاستەقینە بوو، کاتێك پەڵەکان لە پێش چاوم لاچوون.

هەندێك خەڵك پێمدەڵێن "کارەکانت بۆنی وەرگێڕانی لێ دێت." ئەو ڕستەیە بە تەواوی مانا نامگرێتەوە، بەڵام پێموایە بە دیوێکدا ئامانج دەپێکێت و بە دیوێکی تردا بە تەواوی لە دەستیدەدا، لەبەرئەوەی سەرەتاکانی یەکەمین نۆڤڵێتم، بە مانای وشە وەرگێڕان بوو، ئەو ڕستەیەی سەرەوە بە تەواوی هەڵە نییە، بەڵام ئەستەمە لەسەر تەواوی پرۆسەی نووسینم جێبەجی ببێت. ئەوەی کە بۆی دەگەڕام، لە نووسین بە ئینگلیزی لە سەرەتادا، پاشان "وەرگێڕانی" بۆ ژاپۆنی، کەمتر نەبوو لە داهێنانی ستایڵێکی سادە و "بێلایەن" کە ئازادییەکی زیاترم پێببەخشێت. بایەخی من بۆ داهێنانی فۆرمێکی ئاوەچۆڕکراوی ژاپۆنی نەبوو. من دەمویست جۆرێکی ژاپۆنی دابهێنم، کە هەتا بکرێت دوور بێت لەوەی کە پێیدەڵێن زمانی ئەدەبی، بۆئەوەی بە دەنگی سروشتیی خۆم بنووسم. ئەوەش پێوەری گەورەی دەویست. دەتوانم بڵێم ئەو سەردەمە زمانی ژاپۆنیم تەنیا وەك کەرەستەیەکی کارکردن تەماشا دەکرد.

هەندێك لە ڕەخنەگران ئەوەیان وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر زمانی نەتەوەییمان دەبینی. لەگەڵ ئەوەشدا زمان زۆر خۆگرە، سەختییەکی هەیە کە مێژوویەکی دوورودرێژ پاڵپشتیی لێدەکات. سەربەخۆیی زمان، هەرچۆنێك مامەڵە بکرێت، نە ون دەبێت و نە بەشێوەیەکی مەترسیداریش تێکدەشکێنرێت، تەنانەت ئەگەر مامەڵەکردنەکەش زۆر توند بێت. هەروەك ئەوەش مافێکی بۆماوەیی هەموو






نووسەرێکە کە بەهەر شێوەیەك بە خەیاڵیدا دێت ئەگەرەکانی زمان تاقی بکاتەوە – چونکە بەبێ ئەو ڕۆحە سەرکێشە، هەرگیز شتی نوێ لە دایك نابێت. شێوازی من جیاوازە لە شێوازی تانیزاکی، وەك چۆن جیاوازیشە لە کاواباتا. ئەوەش زۆر سروشتییە. دواجار، من کەسێکی ترم، من نووسەرێکی سەربەخۆم بە ناوی هاروکی موراکامی.
بەیانییەکی خۆرەتاوی یەکشەمەیەکی بەهار بوو، کاتێك تەلەفۆنم لە ئیدیتۆرێکی جورناڵی گونزۆی ئەدەبییەوە بۆ هات و پێیگوتم کە "گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت" لە لیستی کۆتاییدایە بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نووسەری نوێ. نزیکەی ساڵێك بەسەر یارییەکەی یاریگای جینگودا تێپەڕی بوو، تەمەنیشم بوو بوو بە سی ساڵ. نزیك کاتژمێر یازدە بوو، بەڵام هێشتا بە چاوی خەواڵووەوە بووم، چونکە شەوی پێشووتر تا درەنگانێك کارمکردبوو. بە خەواڵوویی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، بەڵام سەرەتا هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو کێیە قسە دەکات و دەیەوێت چیم پێبڵێت. ڕاستییەکەی، ئەو کاتە لەبیرم چووبووەوە، کە "گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت"م ناردووە بۆ گونزۆ. هەرکە دەستنووسەکەم تەواوکرد و ڕادەستی کەسێکی ترم کرد، ئارەزووم بۆ نووسین بە تەواوی کاڵبووبووەوە. نووسینی ئەو کارە، دەتوانم بڵێم، کارێکی بوێرانە بوو – زۆر بە ئاسانی نووسیبووم، هەر وەك ئەوەی بۆم هاتبوو – بۆیە بیرۆکەی ئەوەی کە دەشێت بچێتە لیستەوە، هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتبوو. لە ڕاستیدا تەنیا یەك کۆپیشم هەبوو کە بۆ ئەوانم ناردبوو. ئەگەر هەڵیان نەبژاردایە، ڕەنگە هەر ون بووایە. (گونزۆ دەستنووسە قبووڵنەکراوەکانی نەدەگەڕاندەوە.) بە ڕادەیەکی زۆریش، ڕەنگە منیش چیتر ڕۆمانی ترم نەنووسیبا. ژیان سەیرە.
ئیدیتۆرەکە پێیگوتم کە پێنج کەس پاڵێوراون و منیش یەکێك بووم لەوان. من سەرم سوڕمابوو، بەڵام هاوکات زۆر خەواڵووش بووم، بۆیە حەقیقەتی ئەوەی کە ڕوویدا بە تەواوی وەرمنەگرت. لە جێگەکەم دەرچووم، دەموچاوم شوشت، جلی دەرەوەم پۆشی و لەگەڵ ژنەکەمدا چووینە دەرەوە بۆ پیاسەکردن. هەر ئەو ساتەی بەلای قوتابخانەی سەرەتایی گەڕەکەکەدا تێدەپەڕین، کۆترێکم بینی لە ناو گژوگیاکەدا خۆی مەڵاس دابوو. کاتێك هەڵمگرتەوە بینیم باڵێکی شکاوە. پارچەیەکی کانزایی بە قاچێکییەوە لکێنرابوو. لەسەرخۆ هەڵمگرت و بەرەو نزیکترین بنکەی پۆلیسم برد لە ئۆیاما-ئۆمۆتیساندۆ. کاتێك بە ڕێگە لاوەکییەکەی هاراجوکودا بۆئەوێ دەڕۆیشتم، دەستەکانم لە گەرمیی کۆترە بریندارەکەدا نوقم بوو بوون. هەستمکرد دەلەرزێت. ئەو ڕۆژی یەکشەمەیە ئاسمان پاك و ساماڵ بوو، دارەکان و باڵەخانەکان و پەنجەرەی دووکانەکانیش لە تیشکی خۆرەکەدا دەبریسکانەوە.

ئەو ساتە بە خەیاڵمدا هات کە خەڵاتەکە دەبەمەوە و بەردەوامیش دەبم هەتا ببم بە ڕۆماننووسێك، کە تاڕادەیەك سەرکەوتوو بێت. ئەوە گریمانەیەکی بوێرانە بوو، بەڵام لەو ساتەدا دڵنیابووم دێتە دی. بە تەواوی دڵنیا بووم. نەك بەشێوەیەکی تیۆری، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەرکم پێ کردبوو.
ساڵی دواتر "پینبۆڵ ١٩٧٣"م نووسی وەك پاشکۆیەك بۆ "گوێبگرە با گۆرانی دەڵێت". هێشتا هەر باڕی جازەکەم بەڕێوە دەبرد، ئەمەش واتا "پینبۆڵ ١٩٧٣"ش دەرنگانی شەو لەسەر مێزی مەتبەخەکەمان نووسراوە. بە خۆشەویستییەکی تێکەڵ بە بڕێك شەرمەوەیە، کە ئەو دوو کارەم بە ڕۆمانی مێزی مەتبەخەکەم ناودەبەم. ماوەیەکی کەم دوای تەواوکردنی "پینبۆڵ ١٩٧٣" بڕیارمدا کە هەموو کاتم بۆ نووسین تەرخان بکەم، ئیتر دووکانەکەمان فرۆشت. دەستبەجێ دەستمکرد بە کارکردن لەسەر یەکەمین ڕۆمانی درێژم بە ناوی "ڕاوی مەڕی کێوی" کە بە سەرەتای ڕاستەقینەی ژیانی پیشەییمی دەزانم وەك ڕۆماننووسێك.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو نۆڤڵێتەم ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لەوەی، کە دواتر بەرهەمم هێناوە. بە تەواوی بێهاوتان و پتر لە دوو هاوڕێی دێرینەم دەچن. دوو هاوڕێ کە وادیارە هەرگیز جارێکی تر پێکەوە کۆنابینەوە، بەڵام هاوڕێیەتییان هەرگیز لەبیر ناکەم. ئەو کاتە ئامادەییەکی کاریگەر و بەنرخیان لە ژیانمدا هەبوو. دڵگەرمییان پێ دەبەخشیم و هانیان دەدام بەردەوام بم.
ئێستاش بە تەواوی لەیادمە چ هەستێکم هەبوو، کاتێك لەسەر چیمەنی پاڵ یاریگای جینگو ئەو شتەم بە شەقەی باڵ بۆ هاتە خوارەوە بۆ ناو دەستەکانم، پتر لە سی ساڵ لەمەوپێش؛ بە هەمان ئەو ڕوونییەشەوە گەرمیی کۆترە بریندارەکەم لەیادە، کە هەر بەو دەستانەم لە پاشنیوەڕۆیەکی بەهاری ساڵی دواتردا لە نزیك قوتابخانە سەرەتاییەکە هەڵمگرت. هەرکاتێك بیر لەوە بکەمەوە کە نووسینی ڕۆمان مانای چییە، ئەو هەستانەم دێتەوە یاد. هەندێك یادەوەریی بەرجەستە فێرم دەکەن باوەڕ بەو شتە بهێنم، کە لە ناخمدا هەڵمگرتووە و خەون بەو ئەگەرانەشەوە ببینم، کە ئەو شتەی ناخم دەیخاتە بەردەستم. چەند جوانە تا ئەمڕۆش ئەو هەستانە هێشتا لە ناخمدان.



http://www.telegraph.co.uk/books/authors/haruki-murakami-the-moment-I-knew-I-would-be-a-novelist/